# ئیسلامی سیاسی، مانای چی یە؟

**سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم**

لەچەند ساڵی ڕابردوو و تا ئێستا، ڕۆشنبیران، ئەكادیمی، وسیاسییەكانی جیهانی عەرەبی زاراوەی"ئیسلامی سیاسی"یان بەرهەمهێنا. ئەم"داهێنانە"شایەنی واقیعی درێژەپێدانی ئەو" ڕۆشنبیران"یە كە ئیفلیجكردنی كۆمەڵگای عەرەبی بە بەرهەمدەهێنن. لەو كاتەوە، ئەم زاراوەیە بوو بە ووشەی ئەفساناوی ڕۆژنامە و گۆڤار و گفتوگۆكانی كوردستانیش. نووسەرو"ڕۆشنبیر"و سیاسییەكی كوردم نەبینی زاراوەی"ئیسلامی سیاسی"بەكارنەهێنێ، تەنانەت، هەندێ"ڕۆشنبیری بلیمەت" لەبارەیەوە كەوتنە تیئۆریزەكردن و بەزمانی فەلسەفە بە خەڵك دەیفرۆشن. هەر لێدوانێك بكرێ، هەر لێكۆڵینەوەو ووتارێك لەبارەی ئیسلام بنووسرێ، ئەوا توتی ئاسا، لاسایی "جەهلبیر"ە عەرەبەكان دووبارە دەكەنەوە.

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەكەوە، پرسیار لە هەڵگرانی ناوی ڕۆشنبیر دەكەم: كەی ئیسلام سیاسی نەبووە؟ ئیسلامی ناسیاسی هەیە؟ كەی نەیانویستووە دەسەڵاتی خودا لە سەر زەمین دابمەزرێنن؟ پاشان ئەگەر مەبەست لە سیاسەت و ئەركەكانی، بایەخدان بێ بەشێوەی ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵگایەتییەكان ، ئەوا جەهالەتە، ئیسلام و ئیسلامگەرایی بۆ ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ناسیاسی دابەش بكرێ! چ دەگوترێ ئەگەر كەسێك باسی مەسیحی سیاسی، بودی سیاسی یا یەهوودی سیاسی بكا؟

ئاخر ئەوە ڕاستییەكی بەڵگەنەویستە كە ئیسلام بەهەموو باڵەكانییەوە، لەسەر تەختی دەسەڵات یا لە دەرەوەیدا و بەدرێژایی قۆناغەكانی بوونی، تا سەر ئێسقان لە هەموو بوارەكانی ناو كۆمەڵگاكەمان سیاسییە، بۆ نموونە لە بواری كڕین و فرۆشتنی كار وشمەك، ئەزدواج، ڕەوشت، مردن، جیهانبینی، "عەیب نەبێ"، پۆشین، شێوەی دانیشتن وهەموو بەها و نەریتەكان تا دەگاتە ...هتد.

دیارە ئەوانەی زاراوەی"ئیسلامی سیاسی"بەكاردەهێنن، دەیانەوێ ئەو مەبەستە بپێكن، كە ئیسلامی ناسیاسیش هەیە، واتە بە بۆچوونی ئەوان، ئەو ئیسلامییانە كە كاریان بە دەسەڵات و كێشەكانییەوە نییەو ئاینەكەیان تەنها وەك پەیوەندییەكی ڕۆحی نێوان(مرۆڤ–یەزدان)دەبینن، دوور لە"دنیای فانی" و لەدوایشدا بەو مەبەستە كۆنەپەرستییە بگەن، كە ئاینی ئیسلام كلتوری كۆمەڵگایە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت!

ئایا ئەم تێبینییە زۆر كورتە، دەتوانێ كۆتایی بهێنێ بە گاڵتەجاڕی بەكارهێنانی زاراوەی"ئیسلامی سیاسی"؟